# ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی عەبدولڕەزاق بیمار دا

شەیدا باسم عبد الله [١] عوسمان حەمەد دەشتی [٢]

[١] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

شیعر بەو پێیەی لە لای میللەتە زیندووەکاندا ئەو میللەتانەی خاوەن ڕۆشنبیر و شاعیری گەورەن، ئامادەیی بەردەوام و پەیامێکی وشیارکردنەوەی گەورەیان هەیە، بیماریش وەکو شاعیرێکی سەرکەوتوو، کە لەبیری نەتەوەکەیدا بووە هەوڵی ئەوەی داوە تێیانبگەیەنێت و ڕابەرایەتیان بکات. بە پێی ئەزمونی شیعری خۆی گرنگی بە شیعر و ئەدەبی کوردی داوە تا لە پەراوێز دا نەکەون و بیانگەیەنێتە لوتکە بڵندەکانی سەرکەوتن و هاوشانی ئەدەبی ڕۆژئاوا و نەتەوەکانی دراوسێ بێت، هەربۆیە ڕۆمانسیزمیش وەکو ڕێبازێکی نوێ لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. هەتا ئێستا هیچ توێژینەوەیەك لە بارەی بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە ئەنجام نەدراوە هۆکاری ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەیەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە جێ دەستی ئەم شاعیرە لە گەشە پێدانی شیعری نوێی کوردی دیاری بکرێت و لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆمانسیزم وەك ڕێبازێك لە بەرهەمە شیعرییەکانی بیماردا بخرێتەڕوو. لێکۆڵینەوەکەمان لە دو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم: تەرخان کراوە بۆ باسکردنی چەمك و زاراوەی ڕۆمانسیزم وەکو ڕێبازێك هەروەها مێژو و سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ناو ئەدەبیاتی ئەوروپیدا لە هەمانکاتیشدا سەرهەڵدان و ڕەنگدانەوەی ڕۆمانسیزم وەك ڕێبازێك لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەشی دووەم بە شێوەیکی گشتی باس لە بنەما و خاسیەتە سەرەکییەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم کراوە بە سود وەرگرتن لە بەرهەمە شیعرییەکانی (عەبدولڕەزاق بیمار) وەك نمونە. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا بە چەند خاڵێك ئاماژەمان بە گرنگترین ئەو ئەنجامانە کردووە، کە پێی گەیشتوین، لەهەمان کاتیشدا لیستی ئەو سەرچاوانەی سودی لێوەر گیراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە خراوەتەڕو.

**وشە سەرەکییەکان:** جوانی سروشت، خەون و خەیاڵ، خۆشەویستی، ڕەشبینی و گەشبینی، ڕۆمانسیزم

## ١. پێشەکی

ڕێبازی ڕۆمانسیزم ئەو بزوتنەوە ئەدەبی و سیاسی و هونەری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیە بو، کە لە کۆتایی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ لە ئەدەبی ڕۆژئاوا سەریهەڵدا، ئەم داهێنانە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێدان بە ئازادی و تاکە کەس و خەون و خەیاڵ و ڕزگار بوون لە هەمو کۆت و پەیوەندێك کە بە سەریان سەپێنرابو، هەر بۆیە گەورەترین خاڵی دیاری ئەم ڕێچکەیە دژایەتی کردن بو لەگەڵ پێوەرەکانی ڕێبازی کلاسیزم، دەکرێت سەرەتاکانی ئەم ئەزمونە شیعرییە لە ئەدەبی کوردیدا بگێڕینەوە بۆ کۆمەڵێ شاعیری نوێخواز کە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ژیاون، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست ئەم ڕێبازە گەیشتە لوتکەی داهێنان، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە دەستی پێکرد.

شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی کەرەستە و بەرهەمێکی دەوڵەمەندی بەردەستی لێکۆڵەرانە، بەڵام ئەوەی جێگەی باس بێت تا وەکو ئێستا لە زۆربەی لایەنەکانەوە نەتوانراوە سودێکی باش لە بەرهەمی شیعری عەبدولڕەزاق بیمار وەربگیرێت، کە لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەزمونی شیعری خۆی لەم بوارەدا خستۆتەڕو، بەو واتەیەی هەرچەندە بەرهەمی شیعری ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردی زۆرە و کەرەستەیەکی بە پێزی ڕەخنەیە، بەڵام بە پێی پێویست نەخراوەتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەو سەلیقەی بە ئێمە بەخشی وای کرد (ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی عەبدولڕەزاق بیمار) دا بکەین بە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان ئەو چێژە تایبەتیەیە، کە لە شیعری ڕۆمانسیزمدا هەیە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٠ ئایار ٢٠٢٠؛ پەسەندکردن: ٢٩ تەمووز ٢٠٢٠
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: shaida.basim@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ شەیدا باسم عبد الله، عوسمان حەمەد دەشتی ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp62-72

ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە بونی ڕێژەیەکی زۆر لە بنەماکانی ڕۆمانسیزم لە بەرهەمی شیعری بیماردا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی ڕەخنەیی (وەسفی- شیکاریی- دەرونی) یە، لەم گۆشەنیگایەوە تیشك دەخاتە سەر چەند بنەمایەکی ئەم ڕێبازە لە بەرهەمە شیعرییەکانی بیماردا، لێکۆڵینەوەکەمان لە دو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم: تەرخان کراوە بۆ باسکردنی چەمك و زاراوەی ڕۆمانسیزم وەکو ڕێبازێك هەروەها سەرهەڵدان و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی ئەورووپی و ئەدەبی کوردیدا، بەشی دووەم باس لە بنەما و خاسیەتەکانی ڕۆمانسیزم کراوە لە بەرهەمە شیعرییەکانی بیماردا، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## ٢. ڕۆمانسیزم وەکو چەمك و زاراوە و ڕێبازێکی ئەدەبی:

واتای زاراوەی ڕۆمانسیزم لە ڕوی فەرهەنگییەوە لە بنەڕەتدا بۆ "وشەی (roman) ی کۆنی فەرەنسی دەگەڕێتەوە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ ئەو چیرۆکە ترسناکانە بەکارهێنراوە، کە بە شیعر و پەخشان نوسراونەتەوە"(محەمەد، ٢٠٠٥، ٥)، ڕۆمانسیزم وەك زاراوەیەك لە ناو ئەدەبیاتی جیهاندا گەلێك ناوی جۆراوجۆریان بۆ بە کار هێناوە، لەوانە فەرەنسیەکان (Romantisme) و ئینگلیزەکانیش (Romanticism)، ئەڵمانەکانیش (Romantic) یان بەکارهێناوە (هلال، ١٩٨١، ٥). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر وڵاتێك بە پێی تایبەتمەندی زمان و ئەدەبەکەی زاراوەی تایبەت بە خۆیان بە کارهێناوە، بەڵام لە بنچینەدا ڕەگ و ڕیشەی هەمو زاراوەکان بۆ چاوگی (roman)ی فەرەنسی دەگەڕێتەوە.

تێڕوانینەکان دەربارەی چەمکی ڕۆمانسیزم گەلێك زۆرن، بە چەندەها چەمك و پێناسەی جۆراوجۆر ناسراوە، واتە دانانی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ڕۆمانسیزم کارێکی ئاسان نییە، دەتوانین بڵێین ژمارەی پێناسەکان بە قەد ژمارەی نوسەرانیەتی، هەر نوسەرە و وەکو زاراوە بە بۆچونی تایبەتی خۆی پێناسەی کردووە، بۆنمونە (فیلسۆن) دەڵێت: "ڕۆمانسیزم ئەو خەیاڵەیە کە پێچەوانەی هۆش و ڕاستییە"(فەتاح، ٢٠٠٨، ١٥)، واتە ڕۆمانسیزم هەمیشە ڕکابەری سوڵتانی هزر دەکات و خۆی دەدات بە دەست هەست و سۆز و دڵ، کە تێیدا شوێنی هەست لێرە دەبێتە کانیا و خورپە.

هەروەها (ڕۆسۆ) دەڵێت: "ڕۆمانسیەت بریتییە لە گەڕانەوە بۆ سروشت"، (مدام دی ستایل) یش دەڵێت: "ڕۆمانسیەت بریتییە لەو جۆرە شیعرەی کە ڕابردوی میللەتی پێ زیندو دەکرێتەوە، یان بریتیە لە ئەدەبی سوارچاکی"(محەمەد، ٢٠٠٥، ٦). واتە مەبەست لە ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەتوانین بڵێین بریتییە لە گرنگیدان بە تاکەکەس لە ڕوی ئاوات و ئومێد و بۆچونی خۆیان بەرامبەر بە شتەکان بە سەرنج و تێڕوانینی خودی، واتە داوای ڕوخاندنی ئەو یاسا و دابونەریتە کۆنانە دەکات جەخت لە سەر خود و گوزارشت لە خەون و وێنە و گۆڕینی ئەدەب بۆ چرایەکی ئارام دەکات، هەر بۆیە ڕۆمانسیزم ئەو ڕێبازە بو، کە وای لە نوسەران و شاعیران کرد لە ڕێی گەشتێکی سۆز و پشت بەستن بە بابەتەکانی سروشت و خەیاڵ جیهانێکی جوگرافی نوێ و تایبەت بە خۆیان بدۆزنەوە، کە تێیدا بتوانن خەون و هیوا و ئاواتەکانیان بهێننەدی خۆیان ڕزگار بکەن لە هەمو کۆت و پەیوەندێك کە بەسەریاندا سەپێنرابو.

### ١،٢ ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبیاتی ئەورووپیدا

ڕیبازی ڕۆمانسیزم "ئەو بزوتنەوە ئەدەبی و سیاسی و هونەری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیە بو، کە لە کۆتایی سەدەی ١٨ و نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ دا لە ئەدەبی ڕۆژئاوا سەریهەڵدا، گەورەترین خاڵی دیاریکەری ئەم ڕێچکەیە دژایەتی کردن بو لەگەڵ پێوەرەکانی ڕێبازی کلاسیزم"(شەجیعی، ٢٠٠٣، ١١-١٢). واتە دوای ئەوەی زاراوەی ڕۆمانسیزم لە ئاسمانی ئەدەبیدا گەشایەوە ڕێبازەکەش پەل و پۆی هاویشت و ڕەگ و ڕیشەی بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆوە بە تەواوی تۆکمە و بەهێز بو، گەشەسەندن و پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە ئەدەبیاتی جیهاندا، چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆمانسیزم نیشانەی کۆمەڵێك هەڵوێستی ئەدەبی و هونەری بو، کە داوای سەرخستنی سۆز و خەیاڵی بە سەر هۆشدا کرد، هەر لە سەرەتاوە ڕێبازی ڕۆمانسیزم وەك شۆڕشێك لە دژی کلاسیکیەت هاتەکایەوە و ئەو کۆت و بەندانەی تێکشکاند، کە کلاسیکیەکان چەسپاندبویان بە سەر ئەدەب و هونەر، نەهێشتنی ئەو قالبانەی شیعری کەلەپچە کردبو، سنورەکانی بەزاند و یاساکانی ڕەت کردەوە جاڕی ئازادی ئەدەبیدا بۆ واڵاکردنی دەروازەکانی داهێنان و بوارەکانی ئەفراندن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم بریتی بوو لە "ساکاریەتی شێواز و گەڕانەوە بۆ ڕابردو، بایەخدان بە سروشت و ئافرەت و هەست و سۆز و خەون و خەیاڵ، بەکارهێنانی توخمە گەلی نائاسایی، گرنگیدان بە جوانی و سەربەخۆیی، ڕزگاربونی شاعیر و جەماوەر لە چەوسانەوە و بەرجەستەکردنی ئازادی"(سەجادی و مەحمود، ٢٠٠٤، ١٩٤).

ئەوەی ڕون و ئاشکرایە، مێژوی سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزمیش لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، لە هەر وڵاتێك بە پێی بارودۆخی وڵاتەکە سەریهەڵداوە، واتە مێژوی سەرهەڵدانی هەر یەکەیان لە ژێر کاریگەری ئەوی تر سەریهەڵداوە، ڕێبازی ڕۆمانسیزم سەرەتا لە ئینگلتەرا سەریهەڵداو بڵاوبۆوە، واتە "لە داوی شۆڕشی پیشەسازی لەم وڵاتەدا لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٧و سەرتای سەدەی١٨ بەڕابەرایەتی (وۆردز وۆرث- کۆلێردج)، کە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە بنەماکانی ڕۆمانسیزمیان چەسپاند"(الطاهر، ١٩٩٣، ١٧). ڕێبازی ڕۆمانسیزمی ئەڵمانیش، کە لە دوای ڕێبازی ڕۆمانسیزمی ئینگلتەرا سەریهەڵدا، سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ "کۆتایی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩"، دەگەڕێتەوە (عما نوئێل کانت) یەکێکە لە فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەڵمانی کاریگەری گەورەی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانسیەت لە ئەڵمانیا هەبو و فەلسەفەکەی لەوەدا خۆی دەنواند، کە پێوەرەکانی جوانیناسی لە دەست کۆمەڵ سەندەوە و دایە دەست تاکەکەس"(محەمەد، ٢٠٠٥، ١٠). واتە لە بەرهەمەکانیدا کانت بایەخی بە تاکەکەس داوە لایەنە تایبەتی و دەرونییەکانی ژیانی تاکەکەسی کردووە بە بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی.

ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ژێر کاریگەری ئینگلتەرا و ئەڵمانەکانیش لە فەڕەنسا و ڕوسیا سەریهەڵدا، کە سەرتای سەرهەڵدانی هەر یەك لەم دو وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩، هەر یەکەشیان لە ژێر کاریگەری ئەوی تر سەریهەڵداوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە فەرنسا درەنگتر سەریهەڵدا، لە بەر ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ڕێبازی کلاسیزم لە فەرەنسا زۆر بەهێز بو کارێکی وا ئاسان نەبو لە ناو بچێت، ڕێبازێکی تر شوێنی بگرێتەوە، بۆیە ڕێبازی ڕۆمانسیزم لەم وڵاتانە گەشەی کرد کە چاکسازی ئاینیان تێدا کرابو، وەك ئەڵمانیا و ئینگلتەرا لە دواتر لە فەرەنساش کرا (محەمەد، ٢٠٠٥، ١١-١٣)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە دوای شۆڕشی فەرەنسی و دەرکەوتنی چینی بورجوازی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp62-72

رۆمانسیزم توانی وەکو ڕێبازێك سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت، بەناو ئەدەبی وڵاتانی ئەوروپی و دواتر وڵاتانی رۆژهەڵات بڵاوبێتەوە.
هەروەها ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە، کە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی، ئەگەر چی جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لە خاسیەت و بنەما گشتیەکاندا یەکتر دەگرنەوە، رۆمانسیەکان هەست و سۆزیان لە سەروی عەقڵەوە دەبینی و باشتر و جوانتریان دەزانی مەیلێکی زۆریان هەبو بۆ دەربڕینی خەم و پەژارە، ماتەمینی باڵی کێشابو بە سەر هەمو ئەدەبیاتی ڕۆمانسیزمدا، بووە بە یەکێك لە نیشانەکانی تەنیایی و گۆشەگیری و رەشبینی، کە ئەمانە دیارترین خاسیەتەکانی ڕێبازی رۆمانسیزم بون( (پیربال٢، ٢٠٠٦، ٦٢).

### ٢.٢ ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبیاتی کوردیدا

ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردی لە ڕوی چەمك و سەرهەڵدانەوە ئەم بزوتنەوە ئەدەبییەیە خاوەنی سیما و خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ ڕۆمانسیزمی ئەوروپی لێکچووە و ڕەنگدانەوەی هەمان ڕێبازە، بەڵام لە ڕوی سەرهەڵدانەوەش هەمان ئەو قۆناغە مێژوییە نییە، کە ڕۆمانسیزمی ئەوروپی تێیدا سەری هەڵداوە و پەیدابووە، لە ئەدەبی کوردیدا تا ئێستا نەتوانراوە وەك ئەدەبی ئەوروپی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان دیاری بکرێت، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەوا میللەتی کورد تێیدا ژیاوە، واتە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ نەرەخساوە بە هۆی ژێر دەستەیی و نەبونی کیانێکی سەربەخۆ، بۆیە ئەم بارودۆخەش تارادەیەك لە ئەدەبدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە ئەدەب ئاوێنەی ژیانە ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، کە لە بەر ئاوێتە بونی ڕیبازە ئەدەبییەکان ناتوانرێ بە ئاسانی سنوری ڕیبازەکانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم وریالیزم...هتد دیاری بکرێت و جیابکرێتەوە، هەر بۆیە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا دیار نییە، چونکە ڕۆمانسیزم وەك چەمکێك ڕەگ و ڕیشە سادەکەی بۆ سەردەمی کلاسیك دەگەڕێتەوە، واتە چەند بنەمایەکی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە لای شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەدیدەکرێت، واتە دەتوانرێ هەر یەکە لە "مەولەوی و حاجی قادری کۆیی بە شاعیرانی بەر لە ڕۆمانسیزمی کوردی دابنرێت، کە ڕۆڵیان هەبووە لە سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازەدا، مەولەوی بە شیعرە جوان و ناسك و ئاوازدارەکانی بە قالبێکی ڕۆمانسیانەوە لە سەر کێشی پەنجەو بە زمانێکی کوردی پەتی ڕەسەن شیعرەکانی دەربارەی جوانی سروشت دارشتووە، حاجی قادریش لە سەردەمی قۆناغی کلاسیزمی نوێدا توانی گۆڕانکارییەکی گەورە بە سەر شیعر دابهێنێت بە تایبەتی لە ڕوی ناوەڕۆکەوە"(پیربال١، ٢٠٠٥، ٢٥) .
سەرهەڵدانی هەر بزوتنەوەیەك لە خۆوە نابێت، بەڵکو چەندین هۆکار دەبنە ڕێگا خۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی، سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزمیش لە ئەدەبی کوردیدا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە "جەنگ و کاولکاری و نەهامەتییەکانی،واتە پریشکی ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم نەك ڕۆژهەڵات، بەڵکو کوردستانی گرتەوە، بەمجۆرە بە هۆی جەنگەوە برسێتی و نەخۆشی و مردن و ماڵ وێرانی و سەرگەردانی بۆ کوردستان هێنا"(مەزهەر، ١٩٧٤، ٢٣٧)، شاعیرانیش وەك چینێکی هۆشیار و هەست ناسك کەوتنە خەبات و تێکۆشان لە پێناو بە دەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و بەربەرەکانی کردنی دوژمن، واتە جەنگ وەك کارەساتێکی دڵتەزێن هەستی شاعیری کوردی ڕاکێشاوە وای لە شاعیران کرد، کە دەست بە تازەکردنەوەی ڕەگەزی شیعری بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیەدا بگونجێ،کە ئەمەش هەمو لە لایەکەوە هۆکاربون بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردی.

جگە لە کارەساتی جەنگ هەر وەکو دیارە کۆمەڵێك هۆکاری تر هەبون بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسزم لەوانە پەرەسەندن و بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی و فەرهەنگی گوندەکان، سەرهەڵدانی شۆرش و ڕاپەرینە کوردییەکان، کە ڕۆڵێکی زۆریان لە بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری میللەتی کورد بە تایبەتی چینی نوسەر و ڕوناکبیران هەبو، کە بە کۆمەڵێك بیری نوێ دەستیان دایە نوسین، کە ئەم ڕوداو و گۆڕانکاریانەی لە ناوەخۆی کوردستان لە بوارەکانی رامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کلتوری ڕویدا بونە پاڵپشت بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبیاتی کوردیدا (حوسێن، ٢٠٠٧، ١١٠).
لەهەمان کاتیشدا دروستبونی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کوردستان و ئەوروپادا، کاریگەربونی ئەدەبی کوردی بە ئەدەبی ئەوروپی بە تایبەتیش لە ڕێگای ئەدەبی تورکی، ئەویش لە ڕێگای ئەو نوسەر و ڕوناکبیر و شاعیرە کوردانەی، کە لەم ماوەیەدا لە هەر سێ لای کوردستان ڕویان کردبووە ئەستەمبوڵ و زمانی تورکیان باش دەزانی و ئاشنایەتیان بە ئەدەبی تورکی و ئەوروپی هەبو، لەوانەش (شێخ نوری شێخ ساڵح، گۆران، پیرەمێرد، ڕەشید نەجیب...هتد)، بەم شێوەیە دەبینین، کە ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا لە ژێر کاریگەری ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆی ڕێبازی ڕۆمانسیزمی ئەوروپی و تورکی و عەرەبی سەریهەڵدا و پەرەی سەند. (پیربال١، ٢٠٠٥، ١٩)، هەربۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی بکرێت بە سەردەمی داهێنان و نوێخوازی و ماوەی پەیدابون و پەرەسەندنی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا.

## ٣. ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی (عەبدولڕەزاق بیمار) دا

بیماری شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە قۆناغی یەکەمی شیعریدا سەرەتا وەك شاعیرێکی کلاسیکی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بە دیارکەوتووە، وەك ڕۆشنبیرێکی زیرەکی سەردەمی خۆی هەردەم تێنوی زانستی نوێ و بیری تازە بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین زو خۆی لە کۆت و بەندی یاسا و دەستورەکانی ڕێبازی کلاسیکیەت ڕزگار کردووە و ڕوی کردۆتە ڕێبازی ڕۆمانسیزم، چەندەها شیعری جوان و ناسك و بەرز و کاریگەری ڕۆمانسیزمیانەی نوسیووە، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا پانتاییەکی فراوانی لە شیعری ڕۆمانسیزم داگیرکردووە و جێگایەکی دیار و بەرزی هەیە، خاوەن سیمایەکی تایبەت و دەنگی ڕەسەنی خۆیەتی، یەکێکە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی شیعری ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردی، شیعرەکانی لە ناخی ڕاستی و کاریگەریەکی فراواندا خۆیان دەنوێنن و شەپۆل دەدەن، هەروەکو لە خوارەوە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە بەرهەمە شیعرییەکانی بیماردا دەخەینەڕوو:

### ١.٣ تەنیایی و نامۆیی و گۆشەگیری

سروشتی خود لای هەمو شاعیرێك بە گشتی و لای شاعیرانی پەیڕەوکەرانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم کاریگەرییەکی سەرەکی لە بەرهەمهێنان و لە دایکبونی هەر دەقێکی ئەدەبی هەیە، واتە یەکێك لەو دیاردانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەم و شاکارێکی ناوازە و سەرکەوتو لە دایك بێت بریتییە لە ڕەنگدانەوەی خود و ئەزمونی شاعیر لە ناو دەقە شیعرییەکەدا، کە ئەمەش لە ئەنجامی جوڵانی هەست و سۆزی شاعیر دێتە کایەوە، چونکە "سۆز کڵپە گڕێکە ئەکەوێتە دڵ و ڕای ئەچڵەکێنێ، یاخود سەرچاوەیەکی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp62-72

ڕونه له پەڕەکانی دڵەوه هەڵئەقوڵێت ئەم سۆزەش وائەبێ کە ئامانج بێ بۆ ڕاگەیاندنی بیرێك به هۆی بزواندنێکی ڕاچەنینانەی دەرونییەوه"(گەردی، ١٩٧٤، ٣٤).

هەربۆیە ئەگەر سەیری بەرهەمی شیعریی بێمار بکەین ئەوا سۆز وەك یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم بە ڕادەیەکی زۆر و بەهێز و گەورە وەك تین و تەوژمی شەپۆڵەکانی دەریا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانین زۆر بە ئاشکرا و ڕونی هەستی نامۆیی و گۆشەگیری و تەنیایی شاعیر بە پێی حاڵەتەکان و بارودۆخەکان و بە پێی کاتە جیاوازەکان، کە ڕوبەڕوی بۆتەوە هەستی پێ بکەین، یان لە ئەنجامی نامۆیی و هەست کردن بە تەنیایی و ونبونی هیوا و ئاوات و ئامانجەکانی و دابڕان و هەستکردن بە لاوازی و بێ دەسەڵاتی لە بەرامبەر گشت ئامانجەکانی، ئەم حاڵەتەش تاڕادەیەك لای شاعیرانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم ئاساییە، چونکە ژیان لای ڕۆمانسیزمییەکان بێ کۆتاییە، بۆیە هەر چییەك کە بە دەست دەهێنن هیچ بەهایەکی نییە و ناتەواو و کەم و کورت و پارچەیە لە بەرچاویان، هەربۆیە لە ژیانیاندا ڕوبەڕوی گیرۆدەیی و دڵەڕاوکێ و تەنیایی و گۆشەگیری دەبنەوە لەم جیهانە پان و بەرینەدا هەست بە نامۆیی دەکەن، هەروەکو ( بێمار) لە شیعرێکیدا بە ناوی (باگۆرانی بڵێین) دا دەڵێت:

ئاواتە خوازم بتوانم
خەمە وردیلەکانی خۆم بنەخشێنم
بە ئاوڕیشمی باڵی سۆزتان
چاوی تەڕیان بسرمەوە
بۆ لای ئێوە دەستیان بگرم بیان دوێنم
خۆ دەزانم ژینی ئێوەش هەر شادی و هەر ئاهەنگ نی یە
خەمیش هەر ڕۆڵەی ژیانن
باوکیشیان بەرچاو تەنگ نی یە
خۆزگە هەتا سەر بخوێنم
هەتا شەبەق لەتاریکیدادەربێنم
خۆزگە بەسەر باڵی ئاڵی گۆرانی یەوە
بۆ داماو و نیاز مەندان مراز بێنم
(بێمار٣، ٢٠٠٠، ٣٥-٣٦)

بێمار لەم شیعرەدا بەو پەڕی هەست و سۆزی ڕۆمانسیزمیانە بە زمانێکی کاریگەر و وێنەیەکی هونەری بەرز باس لە سروشت و خودی خۆیمان بۆ دەکات وێنەی ژیانی گۆشەگیری و تەنیایی و نامۆیی خۆیمان پێ نیشان دەدات، کە ژیانی پڕ لە خەم و خەفەتە، لە هەمانکاتدا ئاواتە خوازە لە ژیانیدا بتوانێ ئەم خەمانە باس بکات و خەم و ئازارەکانی بەشداری پێبکات لەگەڵ کەسە نزیك و خۆشەویستەکانی، کە لەگەڵ ئەوەی ئەوانیش بێ خەم نین، شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەیدا زۆر بەڕونی هەستی تەنیایی و نامۆییی تیدا بەدیدەکرێت کە لەبەر خەم و ئازارەکانی خودی خۆی و خۆشەویستانی ناهەموار و نالەبارە و دەناڵێنێ، بەڵام ئەم هەستە لای شاعیر هێندە ناخایەنێت و دوبارە بە هیوا و ئومێدەوە دەڕوانێتە ژیان و ئەو هەناسە ساردییەی بەرامبەر بە بارودۆخ و ژیان نامێنێ، بۆیە لە کۆتایی شیعرەکەدا بە هەناسەیەکی گەرم و پر ئومێد و هیواوە ئاوات دەخوازێت، کە دوبارە گۆرانی بڵێت و تا دوبارە ئومێد و هیوا بۆ ژیانی بگەڕێنێتەوە.

بێمار لە شیعرێکی تردا بە ناوی (من دەفتەری شیعرەکانم ون کردووە) لەم شیعرەدا هەوڵدەدات وێنەی ئەو ژیانەمان بۆ بکێشێت، کە ئەو لە ناو تەنیایی و نامۆیی تا سنورێکی بێ کۆتایی لەگەڵی دەژیەت و ژیانی لەگەڵ خەم و پەژارە و ناخۆشییەکانیدا هاونشینە، بۆیە تارمایی ژان و ناخۆشی دەستلەملانێی دەبێت و لە باوەشی فرمێسك و گریان شەوان و ڕۆژانی بە سەر دەبات و بۆبەخت و چارەنوسی ڕەش و بێ ئومێدی خۆی، کە بەری ڕەنجی چەندین ساڵەی تەمەنیەتی ونی کردووە، هەربۆیە لە هەوری چاوەکانییەوە بە گوڕ بارانی فرمێسك دەبارێنێ و ڕاز و سکاڵای خۆی دەردەبڕێت، هەروەکو دەڵێت:

من هاتووم شیوەن دەنووسم
لەپەنا یەك دا فرمێسك هەڵ دەوەرێنم
دەناڵێنم بۆ بەختم بۆچارەنووسم
...
هەڵبەستی خەم زمانی تەوسم لێ دەردێنێ
پشکۆی خەمم دەچێتە ژێر پێکەنینی
پێکەنینێ لەهەناسەی ساردبێ تینتر
چوون گریانم بەدەنگی شیوەن و ناڵانم
بێ کەس دێن و بێ کەس دەڕۆن
بۆ کێ دەگری؟بۆچی دەگری؟
ئەوەی من ونم کردووە بەری ڕەنجی ساڵانمە
بەری خەونی سەوز و سووری شەوانمە
گەڵاڵە بوو،هێشتا بەهاری چیاکان لەباوەش نەگرتبوو
(بێمار٣، ٢٠٠٠، ٣٨-٤٠)

هەروەها لە شیعرێکی تریشدا شاعیر لە بەر ئەو بارودۆخە دەرونییەی تێدا ژیاوە و دەژیەت و تەمەنێکە لە بەر ئێش و ئازار و نەخۆشی گیانیدا دەناڵێنێ، نەخۆشی و دەرد و بەڵا هێندە تەنگی پێ هەڵدەچنێ و دڵی دەگوشێ و بەرچاوی تەنگ دەکات، تا ئەو پەڕی بێزاری و بێ توانایی و پەرێشان دەبێت لە دەست مردن، کە هێندە بە سام و ترسناکە، پاشان لە ناخی خۆیەوە دەکەوێتە وڕێنە و پرسیارەوە دەڵێ ئەگەر مردن بەزەیی بە تەمەنی لاوی و تازە پشکوتو نەکات، ئەی بۆچی بون دەنەخشێنێ، واتە ئەگەر مردن هەیە بۆچی بون دەبو، دڵی ساوام هەر لە سەرەتای هەڕەتی تەمەنی بکەوێتە کۆشی مەرگەوە، هەروەکو لە شیعری (لە کۆشی دایکی مەرگدا) دا دەڵێت:

سەری گێژکردووم بیری بەسامی مردنی بەدفەڕ
لەناو دەستی نەخۆشیدا گیانم وا دەلاوێنێ
بەدەنگێك ترس دەبارێنێ
ئەمان داد! ئەی ژیانی لاوی پشکوتووی
بەشەونم تەڕ
ئەگەر ڕەحمێ بەتۆ نەکرێ، ئیدی بۆچ (بوون)دەنەخشێنی؟
دڵی ساوام لەکۆش دایکی مەرگ دایە
(بێمار٢، ١٩٨٤، ٥٨)

### ٢.٣ ڕاکردن لە واقیع و پەنا بردنە بەر خەون و خەیاڵ:

یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کە لە شیعری ڕێبازی ڕۆمانسیزم بە گشتی و دیوانە شیعرییەکانی بێمار ڕەنگی داوەتەوە بریتییە لە خەون وخەیاڵ، یاخود ڕەتکردنەوەی واقیع و پەنابردنە بەر ئەندێشە، جگە لەوەی ئەندێشە ڕەگەز و بنەمایەکی سەرەکی ڕێبازی ڕۆمانسیزمە، ئەوا لەهەمان کاتدا "ئەندێشە یەکێکە لەو کەرەستانەی هونەرمەند هەرگیز لێی تێر نابێت، چونکە بە هاوکاری ئەندێشە نەبێت هونەرمەند ناتوانێت

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp62-72

تێڕوانینی خۆی بۆ شت و ڕووداوەکان لە وێنەی بەرز و زیندوو دابنوێنێ"(مبارك، ١٩٩٣، ١٦٥). کەواتە شاعیر بەرهەمێکی شیعری جوان و بەرز و زیندوو لە ئەنجامی کێشان و بەرجەستەکردنی ئەو وێنە و ئەو تێڕوانینانەی، کە بۆ شت و ڕووداوەکان لە خەیاڵ و ئەندێشەی دا هەیەتی دەیخاتەڕو، واتە لە ڕێگەی ئەندێشەی قوڵ و فراوانیانەوە شاعیر دەتوانێت بەرهەمەکانی چڕ و پڕ واتا و هونەری بەرز بێت، هەروەها شاعیرانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم "جیهانی خەون و خەیاڵ و ئەندێشە بە جیهانێك دادەنێن، کە پڕە لەیەکسانی و خۆشەویستی و برایەتی و لێبوردن لەجیهانی ڕاستەقینەیاندا ئەم شتە بەدی ناکرێت، بۆیە شاعیران بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر خەون و خەیاڵ و دەیان کەن بە دیلی واقیع"(محەمەد، ٢٠٠٥، ١١٢).

بێباریش وەك هەر شاعیرێکی تر لە ڕێگەی ئەزمونی خۆیەوە بۆ بنیاتنانی شیعریی پەنای بردۆتە بەر ئەندێشە بۆ خستنەڕوی ئەو جوانییە شاراوانەی تەمومژ داپۆشیون، یاخود کەسانی ئاسایی بە جوانی هەستی پێ ناکەن، هەربۆیە لە شیعرێکدا بە ناوی (دارستان) بێبار پەنای بردۆتە بەر خەون بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانی و ڕزگاربون لە جەور و ستەم و باس لە بێزاری و دڵ توندی خۆی دەکات، بێزاری خۆی دەردەبڕێت لە دەست ژیان و هانا بۆ ئەندێشە دەبات، کە ژیانێکی خۆشی بۆ دروست بکات و خەون و ئاواتەکانی بۆ بێنێتە دی، وەك بەهار پڕ گوڵ و باغ بێت، هەروەکو دەڵێت:

ئەی ئەندێشەی خەیاڵی تەڕ
لەو جەنگەڵە وا دێمە دەر
شوێنێکم بۆ بسازێنە
کە بەهارو باخ و ئاو بێ
(بێبار١، ١٩٨١، ٤٣-٤٤)

لە شیعرێکی تریشدا بێبار بە ناوی (ڕۆڵەم مەگری) بە ئەندێشە و ئیستاتیکایەکی هونەری جوان بێزاری خۆی بەرامبەر بە زەمانە دەردەبڕێت و بە شێوازێکی گفتوگۆ وێنەی ژیانێکی سادە و ساکاری باوکێك بەرامبەر بە نەبونی و نەهامەتییەکانی ژیان و داواکاریی و پێویستییەکان و حەز و ئارەزووەکانی ماڵ و خێزانی بە ئەندێشەیەکی هونەری جوان دەیخاتە ڕو، دەڵێت:

ڕۆڵەم مەگری
فرمێسکی تۆ لە خەڵووزی خەمی گیانم
دەچێتەخوار،
دەسوتێنێ زامەکانم.
فرمێسکی تۆ و داوای دایکت، خەمی باوکت
نیو دینارەکەی گیرفانم
بە تارای خەیاڵی تەنگ دادەپۆشم
بابۆت باس کەم خەونی خۆش:-
...
هەرچی تۆ لەسەری زیزی
پایسکیلێك و فرۆکەی یاری
قاتە جلکی ئەفسەرانە
هەمووی بەردەست و هەرزانە
نیودینارەش خانمی گشت ئاهەنگانە
بۆ کوێ دەچی و چی گەرەکە
ووتەی هەر لەسەر چاوانە
...
لەناکاودا
ڕەشەبارەك هەڵی کرد، وەك
بارێنێ تێلاو کوتەك
ڕەشەبا خانمی ڕفاند!..
"هۆ ڕەشەبا بۆ کوێی دەبەی؟
بەزمی خەیاڵمان تێك نەدەی!
(بێبار٤، ٢٠٠٦، ١٩٦-١٩٨)

بێبار لەم شیعرەدا وێنەی ژیانی خێزانێك دەکێشێت، کە لە ژیاندا بچوکترین و سەرەتاییترین حەز و ئارەزووەکانی خێزانێك لە لایەن باوکێك، کە ناتوانێت بۆیان دابین بکات بە هۆی نەبونی و کەم دەرامەتییەوە، ئەمەش وێنەی زۆربەی خێزانی کورد پێکدێنێت، کە بە هۆی نەبونیەوە ئەو بەرپرسیاریەتییە گەورەی باوك هەیەتی لە بەرامبەر خێزانەکەیدا لە واقیعدا ناتوانێت بەدیبهێنێت، هەر بۆیە لە ڕێگەی خەون و خەیاڵەوە باس لە حەز و ئارەزووەکانی منداڵ و خێزانەکەی دەکات، بەڵام ئەم خەونەش هێندە ناخایەنێت و ڕەشەبای ڕۆژگار بەزمی خەون و خەیاڵیان تێکدەدات و لە ناویان دەبات، لێرەدا شاعیر مرۆڤانە بیر دەکاتەوە و لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوەش دەڕوانێتە ژیان، کە تێیدا لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکە وا هەست دەکەین باس لە ژیانی خۆی بکات کە بە شێوەیەکی زۆر جوان وێنەی شتە بچوك و فەرامۆشکراوەکان دەکێشێ و لە ئاستی خۆیدا بەرزی دەکاتەوە وا لەخوێنەر دەکات بە چاوێکی تر بۆیان بڕوانێت.

بێبار لە شیعری (خەونێکی ئەو دونیا) دا گەلێك گازندەی خۆی لەم چەرخە بێ وەفا و نەگریسە دەکات بێ هێز و بێ ئومێد دەبێت لەو ژیانەی، کە دەسەڵاتی فێڵ و درۆ ساختەچییەتی و مادییەت و سەرمایەداری باڵی بەسەر دا کێشاوە، کە تێیدا هیچ پێوەرێك نییە بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان و هەموشتێك لە ڕوانگەی سەرمایە و بەرژەوەندی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەربۆیە پێیوایە لە دوای مردنیش کەسی باش و خراپ، یان بەدبەخت و بەختەوەر، زۆردار و زوڵم لێکراو، وەکو یەکە لەم ژیانە لە دوای مردنیش کەس نە بە باش و نە بە خراپ باسی ناکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ژیان هەرچەندە دادپەروەری و یەکسانی تێدانییە، بەڵام لە ژیانێکی‌تر هەمویان بە یەکسانی و دادپەروەری خەڵك بەشی خۆی وەردەگرێت، تەنیا گرنگ ئەوەیە ئێمە با ئەو دونیا مادییەمان نەبێت، بەڵام ئەوە گرینگە لای خوا لە ڕۆژی دواییدا شەرمەزار نەبین و هەمو زەمین قەرزارمان بێت، تەنیا ئێمە قەرزار نەبین لە لای خواش هەر ئەوان شەرمەزارمان دەبن، هەروەکو دەڵێت:

کە هەردەمرین
چ زۆرلێکراو و چ زۆردار
چ بەدبەخت و چ بەختیار
دوای مردنیش کەس بەخراپە ناومان نابا
لەودونیادا،
دەبا ئێمە قەرزار نەبین
هەموو زەمین قەرزارمان بێ
با ئێمە بەر پرسیار نەبین
دادگای دنیا لای (خوڵا)شەرمەزارمان بێ!    (بێبار٤، ٢٠٠٦، ١٢٦)

### ٣.٣ گەشبینی و ڕەشبینی:

گەشبینی و ڕەشبینی دو دیمەنی جیاواز و دو ئاڕاستەی پێچەوانە و دژ بە یەکن، دیارە ڕۆمانسیزم وەکو ڕێبازێك پشت بە خەون و خەیاڵ دەبەستێت، هەربۆیە دەکرێت ئەو خەون وخەیاڵە، لە بارەی بەرەو پێش و داهاتوو بێت، یاخود بەرەو دواوە و ڕابردو و سیمایەکی ڕەشبینانەی هەبێت، کەم مرۆڤیش هەیە لە ژیانیدا توشی ئەم دو حاڵەتە نەبێت، بیماریش وەکو مرۆڤ و شاعیرێك لە ژیانیدا بە هۆی ئەو بارودۆخ و ژینگە و کەش و هەوا و دەرونیەوە، کە ڕوبەڕوی بۆتەوە توشی هەردو حاڵەت بووە لە ئەنجامدا لە ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستەی کردووە، هەورەکو (نۆڤالیس) دەڵێت: "هەمو ڕوداوەکانی ژیانی ئێمە کەرەستەی خاون و ئێمە هەرچیمان بوێ ئەوەی لێ دروست دەکەین (فەتاح، ٢٠٠٨، ١٠٨)

واتە بەرهەمهێنان و لە دایك بونی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی نوسەر و شاعیرە، گەشبینی و ڕەشبینی بە هەر دو جۆرەکەی لە شیعرەکانی بیماردا دیاردەیەکی ئاشکرا و ڕونە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە هەردو دیاردەکە بە شێوەیەکی یەکسان بەکار نەهاتووە، بەڵکو لە شیعرەکانی بیماردا لەگەڵ ئەوەی هەڵگری سیمایەکی ڕەشبینانەیە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا چرای هیوای شاعیر نە کوژاوەتەوە بە بڕوایەکی بە هێز و پتەوە و لە دیدێکی پڕ لە ئاسۆ ی ڕونەوە دەڕوانێتە ژیان، بۆیە شیعرەکانی سیمای گەشبینی زیاتر پێوە دیارە وەك لەوەی ڕەشبینی بێت، هەروەکو لە شیعری (ئەستێرەی کزدا) دا دەڵێت:

ئایا کات وەکو من گیراوە هەنگاوی
یاخۆ من بێ ئاگام لە چزووی
ئازاری تەماوی
تاتامی شەوی ڕەش بچێژم
لە جەرگی شەوە وە ئاخی دڵ بنێژم
خۆشترین سبەینە ئەوسایە
کە شەومان دەیجوورو درێژ بێ
ئەو کەسەی لەگەڵ شەو ڕانایە
سامەگەر نەخۆش بێ، یا گێژ بێ
چەند خۆشە کەڵە شێر بانگ بداو
هاواری ڕاپەڕین بۆ نوێژ بێ (بیمار١، ١٩٨١، ٥٠)

لێرەدا سیمایەکی ڕەشبینانە لەم شیعرەدا بە دیدەکرێت، چونکە زۆرجار شاعیر لە هێنانەدی ئاواتەکانی بەرجەستەکردنی ئازادی ڕەشبین دەبێت و تەسك بینانە بیردەکاتەوە و هەنگاوەکانی سست و لاواز و بێ هێز دەبێت توانای بەرەو پێش چونی نامێنێ، لەبەر ئەوەی شاعیر لە ناو خەم و ئازاردایە بە شێوەیەك واهەست دەکات، کە کات وەکو هەنگاوەکانی ئەو ڕاوەستاوە پاشان ئەو ڕەشبینی و هەناسە سوارییەی لای شاعیر زۆر نامێنێتەوە و جارێکی تر ڕۆژی ئومێد و ئازادی و هیوا و خۆشی بۆ دەگەڕێتەوە و بە شێوەیەکی گەشبینانە بیردەکاتەوە و ئومێدێك دەداتەوە خۆی، کە لەگەڵ ئەوەی شەو درێژ و بە ئازار و خەم بێت، ئەوا ئەو بەیانیەی لە دوای ئەو شەوە دێت زۆر خۆش و جوانە واتە مەبەستی ئەوەیە لە دوای هەمو ناخۆشیەك خۆشیەك دێت، بۆیە لەگەڵ بانگی کەڵەشێری بەیانیان بەیانیەکی نوێی پڕ ئومێد و هیوا بەخش دەست پێدەکاتەوە، هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (هاوبەش) دا دەڵێت:

بانگت دەکەم: فەرموو بۆ سەر خوانی خەم و
(تێکوشیو)ی ناهیوایی و دڵشکانم
...
وامەزانە...من هەربۆخۆم
بەبەردی دەنگ بازنە بازنە
گۆمی کات رادەچەکێنم
پاشان دۆعاخوازی دەکەم
بێ هەست و خوست لە دنیای پڕ دەنگ وازدێنم!
(بیمار٤، ٢٠٠٦، ٩)

لێرەدا شاعیر کاتێك خەم و مەینەت بەرۆکی دەگرن دەردەسەری و بێزاری ئۆقرەی لێ دەبڕن، بۆیە پەنا دەباتە بەر کەسێك، کە هاوبەشی ئەو خوانە پڕ خەم و ناهیوایە بێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو بارە ڕەشبینیەی شاعیر تێی کەوتووە ماوەیەکی کورت، یان هەناسەیەکی کورتە، چونکە دوبارە هیوا و ئومێدی هەیە، کە ئەو تەنیا بە تەماشاکردن و دوعاکردن ئەم بارودۆخە تێناپەڕێت، بەڵکو هەوڵدەدات دەستەوەستان نەوەستێت بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە خەماویە ڕزگاری بێت، هەروەکو لە کۆپلە شیعرییەکەدا بە ڕونی دیارە.

بیمار لە شیعرێکی تریشدا ڕوبەڕوی هەمان هەست و سۆز و بارودۆخ دەبێتەوە بەڵام ئەمجارە بە شێوازی گفتوگۆ، گفتوگۆ لەگەڵ خۆشەویستیەکەی دەکات ئەوەی بۆ ڕون دەکاتەوە، کە ئەو بێ هیوایانە هەنگاوەکانی نابڕێت، بەڵکو گڕوتینی خۆشەویستیەکەی پاڵنەرێتی هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەردەم بە دەست هێنانی ئەو شتانەی کە شاعیر مەبەستیەتی لە ژیاندا بە دەستیان بهێنێت، هەروەك لە شیعری (چرپە) دا بە ڕونی دیارە:

کچێ چاو جوان!وامەزانە
بێ هیوایانە هەنگاوم
گەڵای ڕێگەی پاییز دەکاتە بەردەباز ؟!
من بەهاری خۆشەویستیت تاوی داوم
بینایم کەیل و کل ڕێژی تیشکی تۆیە
گیان لێواو لێوی پرشنگ و گڕوتاوم
من تەلێکە نامژاکێنێ دەنگی ناساز
هاتووم، بێ باك دەنگ هەڵبڕم
گۆرانی بۆ ژیان بچڕم
(بیمار٣، ٢٠٠٠، ٤)

### ٤.٣ گەڕانەوە بۆ ڕابردو و سەردەمی منداڵی:

گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و ڕوداو و بە سەرهاتەکانی ڕابردو، وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزمە، شاعیران بە شێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانیاندا بەکاریانهێناوە و سودیان لێوەرگرتووە، چونکە شاعیرانی ڕۆمانسیزم هەر لە کۆنەوە بایەخیان دەدا بە یادگارییەکانی ڕابردو گەڕانەوە بۆ تافی منداڵی و لاویتی و چێژیان لە ڕابردوی خۆیان بە هەمو ڕوداوەکانەوە وەرگرتووە ئەوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان پێوە هەبووە، بیماریش لە شیعرییەکانیدا ئاوری زۆری لە ڕابردوی ژیانی منداڵی و تەمەنی لاویی داوەتەوە، هەروەکو لە شیعرێکیدا بەناوی (لاپەڕەی بیست و پێنج) دا دەڵێت:

بەڵام گریانی منداڵی
کەتیشکی ڕۆژ لەناو فرمێسکیا هەڵدێ

لەشوێنێکدا کەم دەم دیت بەبێ هیوام
لەگەڵ ئەستێرە بای سەرِ سەرِی نیگای تۆراو
گری لاویم دەدیت ئاسۆی
بەسووری بۆ دەنەخشانم:
...
بەلاوی کۆڵی ئەم ساڵانە هەڵدەگرم
بەرە و ئایندە دەروانم
...
نەبوونی بەرگی ئاگر بوو بەبەر باڵای هەژارانا
شوانی پاییزیش رانی بەبلوێری درۆ دەدواند
نەفامی شەرِ ملی زۆریان
لەسەر پەیژەی ژیان دەشکاند
(بیار۲، ۱۹۸٤، ٥٤-٥۷)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی ژیانی خۆی لە سەردەمی لاویدا دەنەخشێنێت لە رێگای زمان و وێنەکی هونەری بەرزەوە، بە تاسەوە لاوك بۆ یادگاریی ئەو رۆژانەی رابردو دەڵێت، کە پرن لە بەسەرهاتو بیرەوەری و ماندوبون و هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو دیهاتنی هیوا و ئاواتەکانی، بەڵام نەخۆشی و مردن رێگەی نادات بە ئارامی و بێ ترس ژیان بکات بە پێچەوانەی سەردەمی منداڵی، کە بەو پەڕی تاسە و ئاواتەوە بۆ ناو باوەشی گەرم و ئاسودەی ئەو رۆژانە کە بە هیوا و ئومێدەوە دەیروانیە ژیان، لەگەڵ ئەوەی لە ژیانی رابردویدا نەبونی و شەرِ و نەزانین بەرۆکی هەژاران و ئەوی گرتووە، بەڵام بیار لەم سەردەمانەدا بەو پەڕی هێز و گورِ و تین و تاوی چالاکی جەستەیی و گیانی و فیکری دابووە گەشبین بووە و جوانی ئاواتەکانی چۆتە لوتکە، بۆیە بە گەشبینانە و ئومێدەوە هەمو ئەو خەم و خەفەت و ناخۆشی و ئازارانەی بە شانی داداوە و بە هیوا و ئومێدەوە دەروانێتە داهاتو و هیوا و ئاواتەکانی وێنەی ژیانی داهاتوی گەشبینانە دەنەخشێنێت.

هەروەها لە شیعرێکی تریشدا بە ناوی (چیرۆکی ژیانەوە) دا دەڵێت:
سێبەری سرِی ساڵانی بەینەمان
کە حەسیرێکە لوول دراوە
هەڵدەکشێ
رووناکی و رەنگ
لەوێنەکەدا دەنەخشێ
نیزیك بووینەوە لەهەوار
ئەوە ئاوایی جارانە
ئەوە دەنگی کەڵەبابی بەیانیانە
ئای لەو هەوارەی پێش سی ساڵ
بەفرمێسکم لێم نووسی
(ماڵئاوایی)
...
ئەوە ئاوازی دەنگەکەی
ئەوە وشە نەرمەکانت
ئەوە شەپۆڵی مۆسیقای قسەکانت
...
ئەوە دەنگەکەی جارانتە؟
بەرێژنە و گورِ بەسەر سەحراکەی
تەمەنم دا دەبارێ؟
دەشت و دەری یادەوەریم
گوڵی ئەستێرەی شەوانی لێ دەبروسکێ و
پێ دەکەنێ؟
ئا ئەوە دەنگی دایکمە
لەودیو پەردەی نادیاری یەوە
رازو چیرۆکی شەوانەم
بەبەر گوێچکەدا دەخوێنێ
دانەدانە بەخرینگەی خشڵی قسەی
دەمخەوێنێ
(بیار۳، ۲۰۰۰، ۷)

بیار هەمیشە وەکو شاعیرێکی وەفاداری رێبازی رۆمانسیزم زۆر ئاورِ لە دواوە دەداتەوە و رابردو لە بیر ناکات و دیمەنەکانی سەردەمی لاویەتی خۆی وەك فیلمی سینەمایی دەهێنێتە پێش چاو و بە ناخی بیرەوەرییەکانیدا شۆرِ دەبێتەوە، هەروەك لە شیعری (لاپەرەی ۳۰) دا دەڵێت:
باغەوانێك بووم گوڵم چاند
دڵ بەهیوای سەوز و سوور
تاکو لێی کۆبێتەوەئاوازی باڵدارانی دوور
ئاوی فرمێسکی خەماوی و ئارەقی ماندوویەتی
پێ گەییوی خوێنی سووری دڵ، ئومێدی گەنجیەتی
...
هەرگوڵێك کۆرپەی ژیانم بوو
ژیانم بوو... بەڵام
رەنجی بێ بەرخۆم، هەزار لەعنەت لەرۆژانی ژیام
باغەوانیم کردوو سووتا باغەکەم
یادی سی ساڵەی تەمەن هەی داخەکەم
یادی سی ساڵەی ژیانی مەردمێك
داخی ئەنجام بێت دیارە وەك قومێك
دووکەڵی سیگارێکە و روو لەبۆشایی دەکا
یا لەسەر لانەی تەپیوی دڵ
هەراسانانە دێ شایی دەکات
(بیار٤، ۲۰۰٦، ۱۸۷-۱۸۸)

هەروەها لە شیعری (بەرە و پاییز) دا بیار ئاورِ لە رابردوی دەداتەوە و وێنەی لاویەتی دێتە بەرچاو، کە لە هەرەتی تەمەن و ژیانیدا دابووە وەکو بەهار پرِ گوڵ و گوڵزار و خەون و خەیاڵ بووە، بەڵام کاتێك تەمەنی شاعیر بەرەو پاییز هەڵدەکشێت و دەکەوێتە تەمەنەوە جەستەی سیس و شەکەت و لاواز دەبێت و بۆیە بە دڵ و بە گیان خۆزگە بە تەمەنی لاوی دەخوازێت، حەز دەکات تەمەنی هەر لەو کاتە بایە و هیچ کاتێك پاییز روی لە تەمەنی نەکردبایە هەر بەهاری تەمەنی بایە، هەروەکو دەڵێت:
کەبەهار بوو

خەیاڵی وەك ئاسمانی شین، مێرگی دەشتان
ساف و مەست و گوڵاودار بوو
...
کەبەهار بوو، هی تەمەنی تەڕی گوڵێ
کە دڵداری لەدەروونیا هەڵ ئەکوڵێ
تیشك و سیحر و بەزم و جۆش بوو
بۆنی گوڵاو و خەونی خۆش بوو
...
بەڵام پاییز
لە مووی سپی ی بە دەگمەنا
لەگەڵ تاپۆی چەند لۆچی کەم
لە ڕوومەت و لە گەردەنا
کەوتە خۆ بۆ نواندنی فیز
ئاخ کە پاییزم پێ ی نەدەنا
تەنیا بەهار جلوەی دەکرد لە گوڵشەنا،
لەتەمەنا !
بەڵام پاییز لافاوی زەرد
دائەگرێ گشت گوڵزار و هەرد!
(بێهار۱، ۱۹۸۱، ۳۳-۳٦)

### ٥.٣ خۆشەویستی:

جگە لە ئازادی و سروشت و جوانی و گەڕانەوە بۆ ڕابردو...هتد خۆشەویستی بە بنەمای سەوز بونی هەمو شیعرێکی ڕێبازێکی ڕۆمانسیزمی کوردی دادەنرێت، شیعری خۆشەویستیش بە شێکە لە خستنەڕوی خود و پیشاندانی حەز و خواست و تەوژمی سۆز و ئەندێشە، خۆشەویستی ڕەگەزێکی سەرەکی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردییە و هەروەها لە ئامانجە هەرە بەرزەکانیەتی، شاعیران بە شێوەیەکی فراوان لەم بابەتە دواون و بایەخیان پێداوە، لە هەمانکاتیشدا لانەیەکی ئارامیشە لە کاتی خەم و بێزاریدا شاعیران لەو پەڕی تێڕامان و کاریگەریەوە ئاوێتەی خۆشەویستی دەبن و پێیانوایە هەر خۆشەویستیەك لە سەر بناغەیەکی ڕاست و دروست نەبێت بێ نرخ و بێ بەهایە.

ئەم ڕەگەزەش وەکو ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانسزم لە شیعرەکانی بێهاردا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، جا خۆشەویستی بۆ ئافرەت یان ڕەگەزی مێ بە گشتی بێت، یاخود خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و شاعیر و کەسی ناوداری نەتەوەکەی بێت، واتە خۆشەویستی پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە بە هەمو جۆرەکانییەوە.

شاعیرانی ڕۆمانسیزم وادادەنێن کە "ژن فریشتەیە و لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ و دڵیان پاك دەکاتەوە و سۆز و خۆشەویستیان لا زیاد دەکات و هەستیان هۆشیار دەکاتەوە و هانیان دەدات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕەوشتی و ڕامیاری و نیشتیمانی" (هلال، ۱۹۸۱، ۱۹۰-۱۹۱). بە هەمان شێوە لای بێهار ژن لە ژیانیدا کۆمەڵێك ڕۆڵی جیاواز دەبینێت و ڕۆڵی کاریگەر و گرنگی بە سەر شاعیرەوە هەیەو بە شێوەیەك پێیوایە هەمو ئەو جوانیانەی شاعیر باسی دەکات و ئەو شتە باشانەی، کە ڕوبەروی دەبێتەوە هەموی بە هۆی ژنەوە پێی دراوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانە بێ سنورەی ئافرەت لە جوانی و خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی و میهرەبانیەی کە هەیەتی، هەر ئەمەش وایکردووە، کە بێهار لە شیعری (بۆ ئافرەتان) دا خولیای ئەوە دەکات پیرۆزی ئافرەت بنەخشێنێت و بەرزی بکاتەوە تا ئەو ڕادەیەی وەك فریشتەیەکی خوا بە بەرگی سپیەوە پاك و بێگەرد و جوان دەبینرێت، هەروەکو دەڵێت:

ئەم ژیانەم لاتەواوە
کەلێیانی پیرۆز ئەکەیت
بەدڵداری و لاوانەوە،
بەزەبەندی و سۆزی فرەت
ئەی فریشتەی پاك، ئەی ئافرەت!
...
ئەی ڕووناکی بیرو زەین و ووردەکاری!
ئەی باسکی ئیش زان، ئەی باوەش
...
ئەی سەرچاوەی ڕاستی پیاو
دروستکەری قارەمانان
ئێوەن کە ئەبەخشن ژیان
بە شاعیران (بێهار۱، ۱۹۸۱، ۱۱-۱۳)

هەروەها لە شیعرێکی تریشدا بە ناوی (چیرۆکی ژیانەوە) دا بە زمانێکی تەڕ و پاراو و دەوڵەمەند بە هەست و نەست و ئەندێشەیەکی سیحراوی لە چوارچێوەی هونەری بەرزدا باس لە نەرم و نیانی و لار و لەنجەی شۆخ و جوانی و میهرەبانی ئافرەت دەکات، هەروەکو دەڵێت:

ئەو دەنگەی تۆ بوو سپێدەی
سورو سپی لەشەوی ڕەش دا بۆم دەنەخشاند
ئەو دەنگەی تۆ بوو مانەوە
ژیانەوە حەسانەوە
پاش ڕاکشان هەستانەوە
...
هەی گیانی من!
هەی ژن..هەی ژن!
هەزار سڵاوی ئاسمانی
هەزار دروودی دەروونی قاڵی
پەرستگای جوانی
...
سڵاوی من
بۆ گیانی ژن
گیانی نەرم و جوان و مەزن
(بێهار۳، ۲۰۰۰، ۱۱-۱۲)

لێرەدا شاعیر ئافرەتی هێندە لەلای گەورەیە و پیرۆز و جوانە بۆیە تا ئەو ڕادەیەی پەری بەرزی دەکاتەوە و دەیگەیەنێتە بەخشندەیی و میهرەبانی بە شێوەیەك لە بیر و خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیدا دەیان وێنەی مەزنی هونەری دەربارەی ئەم مرۆڤە بێ هاوتایە دەخاتە ڕو، کە پێی دەڵێن ئافرەت، لەهەمان کاتیشدا چرای ماڵ و کوڵەکەی خێزان و چاوگەی ژیان و بێشکەی مرۆڤایەتی و دایەن و پەروەردکاریەتی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp62-72

هەروەك دەزانرێت، کە لای رۆمانسزمەکان لە پاڵ عەقڵدا دڵ و هەست و سۆزیش دنیایەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە لای مرۆڤ و هەست لە پێش فیکر و عەقڵ دەکەوێت، هەربۆیە هەندێکجار بێار لە رێی دەقە شیعرییەکانیەوە هەست و سۆز و خۆشەویستی و ئارەزوی دەرونی خۆی خستۆتەرو، هەروەك لە شیعرێکیدا بە ناوی (ماچ) شاعیر لەگەڵ یارەکەی دەکەوێتە گفتوگۆ و دەڵێت:

چم لەمەدحی تۆ گوتووە؟
کوا چەند شیعرم هەڵبەستووە؟
گوایا ئەستێرەی شەوانم
ژماردووە؟
یاخۆ گوڵی بەهارانم
بۆ تۆ بەدەفتەر گرتووە؟
بۆ چ دڵداری دەریا نی یە و کەنارەکەی پەنهان نی یە؟
سنوور بری کۆن و نوێی زەمان نی یە؟
کۆنەکەی تا بڵێی نوێ یە
نوێی تا سەر نوێ یەتی پی یە. (بێار٣، ٢٠٠٠، ل١٥)

لێرەدا شاعیر گفتوگۆ لەگەڵ یارەکەی دەکات و دەڵێت بەرانبەر جوانی و میهرەبانی و باشییەی یارەکەی هەیەتی، تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە شیعرێکی جوان بهۆنێتەوە کە شایستەی ئەو بێت، لێرەدا بێار ئەوپەری بێهێزی و لاوازی و بێ دەسەڵاتی تێدا بەدی دەکرێت.کە بەرامبەر بە شۆخ و شەنگی یارەکەی نەیتوانیوە تەنانەت کۆپلە شیعرێکی بۆ بنوسێت، بێار لەم شیعرەدا هەروەکو دیارە زیاتر شێوازی گفتوگۆی هەڵبژاردووە، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە، کە کەسی قسەکەر تەنیا شاعیرە و قسە و رستەکانی بەشێوەی پرسیاری دەردەبرێت و کە هەمویان ئاماژەن بۆ بێ دەسەڵاتی قەڵەمی شیعری بەرامبەر بە شۆخی و جوانی یارەکەی، تا کۆتایی شیعرەکە هەر بەم شێوازە گفتوگۆ لەگەڵ یارەکەی دەکات.

بێار لە شیعری (دەنگەکەت) دا بە پێچەوانەی ئەم کۆپلە شیعرییەی سەرەوە هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی زیاتر بۆ یارەکەی دەردەخات و رونی دەکاتەوە، کە هیچ شتێك ناگات بە خۆشەویستی ئەو بۆ یارەکەی نە ئاسمان و هەتاو نە قوڵی کانی و فرمێسکی شەوانی هیچ شتێك لە خۆشەویستی ئەو بۆ یارەکەی زیاتر نییە، هەربۆیە دەڵێت:

گوایا کام ئاسمان بەمەودای خۆشەویستی من دەگا؟
گوایا کام کوانوو وەك دڵم گەرمە و
بڵێسەی ئاگری پڕ تاوترە؟
کام هەتاو وەك رووی گەشت
کام قوڵەی کانی وەکو
نەغمەی کەنیی بێ غەشت؟
کام فرمێسکی شەوانی
سەر گوڵاڵان وەك دڵت
رووناکترە
روون و رەوان و پاکترە؟
(بێار٣، ٢٠٠٠، ١٤)

**٦.٣ جوانی سروشت:**

سروشت سەرچاوەی هەمو شتێکی جوانە، چونکە هەمو جوانییەك لە سروشتەوە هەڵدەقوڵێت و چاوهەڵدێنێت،هەربۆیە کەس نییە جوانی سروشت هەست و سۆزی نە بزواندبێت و لە ناخەوە نەی هەژاندبێت و تاڕادەی ئاوێتە بون بە خۆیەوە پەیوەست نەکردبێت، بە تایبەتی شاعیران و هونەرمەندان پەیوەندییەکی زۆر پتەویان لەگەڵ سروشتدا هەیە، لەگەڵ هەر دەنگ و دیمەنێکی سروشت دەیان شیعر و بەرهەمیان هێناوەتە بون، سروشتیش وەك بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی رێبازی رۆمانسیزم دادەنرێت، هەربۆیە لای شاعیرانی سەر بەم رێبازە "سروشت جێگای سەرنج و ئەندێشەیان بووە و کردویان بە پێگەی خۆیان و هەنگاویان بۆ دەنا و عەشقی دیمەنەکانیان ئەبون"(ئەمین،٢٠٠٠، ٣٦). واتە دونیای سروشت پێکهێنەرێکی سەرەکی شیعری رێبازی رۆمانسیزم بە گشتی و رێبازی رۆمانسیزمی کوردی بە تایبەتی دادەنرێت، سروشت ئەو زەمینە فراوانەیە، کە شاعیر لە لایەکەوە وێنەکانی تێدا پەروەردە دەکات، بە سۆز و ئەندێشەیەکی رۆمانسیزمیانە و بە فۆرم و ناوەرۆکێکی تازە هۆنراوەکانیان دادەرێژن، لە لایەکی تریشەوە پەنابردنە بەر سروشت لای شاعیرانی رۆمانسیزم بە هۆی ئەو بارودۆخە دەرونیەی، کە تێیدا دەژیان هەمیشە بە دوای شتێکدا دەگەڕان خۆیان دەرباز بکەن لەم بارودۆخە دەرونیەی تێدا دەژیەن.

بێاریش وەکو شاعیرێك سەر بەم رێبازە، کە زۆرینەی بەرهەمە شیعرییەکانی دەچێتە خانەی ئەم رێبازەوە توانیویەتی سود لەم دیاردەیەش وەربگرێت، هەربۆیە ئەگەر سەیری بەرهەمە شیعرییەکانی بێار بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە سروشت ئەگەر لای شاعیرانی تر تەنیا بۆ مەبەستێك یان بابەتێکی دیاریکراو بێت، ئەوا لای بێار بۆ چەندین مەبەست و بابەتی جۆرا و جۆر بە کارهاتووە، هەروەکو لێرەدا بە نمونەی شیعری رونی دەکەینەوە.

بێار لە زۆربەی شیعرەکانیدا، کە باس لە سروشتە، هەوڵیداوە جوانی سروشت لە رێگەی شیعرەکانیەوە بۆمان بگوازێتەوە، هەربۆیە لەمەشدا دەستێکی باڵای هەبووە، هەروەك لە زۆرینەی شیعرەکانیدا دەکەوێتە بەر چاومان وەکو بەڵگە هەست دەکەین، کە چ مرۆڤێکی جوانی پەرست بووە بە تایبەتی لە وەسفی وردی جوانی سروشت و شاخ و دۆڵ و کانی و دار و بەرد و گوڵ و گوڵزاری کوردستاندا، هەروەکو لە وەسفی یەکەیەکی شوێنەوار و گەشتیاری ناوچەی گەلی رەواندز و گواستنەوەی وێنەکانی سروشت بە دۆڵ و دەشت و گەلی رەواندز وەك خۆی ئەرکی جوانی بینیووە، هەروەکو لە کۆپلەی شیعری (دۆڵ) دا دەڵێت:

دۆڵ واباڵی گەروەی لێ راکێشاوە
وەك باڵداری لە شوێن خۆیا راماوە
تووکی سەوزە، لێرزەوار، شاپەڕی
رووبارێکە لەش و لارو گەوهەری (بێار٢، ١٩٨٤، ٤٠)

لێرەدا شاعیر وینەیەکی فۆتۆگرافی (دۆڵ) لە چوارچێوەیەکی رۆمانسیزمیانە نیشان دەدات بە تەواوی بە جوانی سروشتدا شۆربۆتەوە و بە هەمو کون و کەلەبەرێکی ئاشنابووە و زۆر بە وردی شتە جوان و بە نرخ و بەهاکانی تێدا دۆزیوەتەوە و لێی وردبۆتەوە.

هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تری سروشت لای بێار ئەوەیە، کە سروشت تەنیا روبەرێکی دیایکراو نییە، بەڵکو پەناگەیەکی ئاسودە و دایکێکی دڵسۆزە بۆ شاعیر و لەو کاتەی غەم و ناخۆشی و مەینەت و ئێش و ئازار هێرشیان بۆ دێن و دەیانخەنە دڵەڕاوکێ و خەم و بێزاری و نیگەرانیەوە، هەربۆیە "بە تایبەتی لە رواڵەت و

ئاکار و خەماوی و فرمێسکاوییەکانیشدا پایز، خەزان خەمو خەون و هیوای بێ بن و بێ سنور دەیان کات بە هاوڕازی خۆی شاعیر کە ڕو لە سروشت دەکات بە زۆری ناخی خۆی بە ئازار و خەمەوە تێکەڵ بەدیەهێن و وێنە و پارچەکانی سروشت دەکا و کەمتر جوانی و تەڕو بڕی سروشت بەدی دەکا و بە پێچەوانەوە زیاتر سروشت بە وشکی و هەڵوەراوی و بەرە و مەرگ و نەمان چون دەبینێ"(محەمەد، ٢٠٠٥، ١٠٦-١٠٧).

شاعیرانی ڕۆمانسیزم بە هۆی ئەو بارودۆخە دەرونیەی، کە تێیدا دەژیان هەمیشە دەگەڕان بە دوای شتێك خۆیان ڕزگار بکەن، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر سروشت، بیماریش بە داهێنانێکی ورد و واتا و دەربڕین و ئەندێشەیەکی قوڵەوە چۆتە ناو سروشت و لە ڕێگەیەوە خەم و ئازارەکانی دەربڕیووە، هەروەکو لە شیعری (چەند فرمێسکێك لەگەڵ پایزدا) دەڵێت:

هەڵکە ئەی باو گەردەلوول
تۆ هەناسەی پایزیت
پرکەوە بۆشایی گەورە و پان و قووڵ
بێ وەکو چەرخێکی زل
لوول دە پڕشنگی هەتاوی هەڵبرژاو
کۆکەوە سامی تەم و هەوری نەماو
تۆ هەناسەی پاییزیت
پاییزی وەك من بەدار
زەرد و لاواز و هەژار
...
من وەکو ئەم پاییزە ڕەنگ زەردەمە:
وا ئەشێوێنێ قژی زەرد بەو دەمە
ناوچەوانی پانی بێ گەرد لۆچ ئەکا
هەڵ ئەکێشێ ئاهی سەرد
گەردەلوول و با لە سنگی چەشنی بەرد
دا ئەروشێنێ دەروونی گەرموگوڕ
رای ئەدا بۆ ئاسمانی سارد و سڕ
(بیمار٢، ١٩٨٤، ٧٩-٨٠)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی سروشتی وەرزی پاییزمان بۆ دەکێشێت، کە تێیدا وێنەیەکی ڕەشبینانەی بنیاتناوە و بە جۆرێك لێکچوواندن لە نێوان وەرزی پاییز، کە وەرزی خەزان و گەڵا هەڵوەرینە لەگەڵ خودی خۆی، کە تەمەن یاخود زەمەن وای لە شاعیر کردووە قژی زەرد بێ، هەروەکو پاییز گەڵای درەختەکان ڕەنگ زەرد و لاواز دەبێت، لە بەرانبەریشدا وێنەی خۆی کێشاوە، کە لەگەڵ بەرەو هەڵکشانی تەمەنی قژی زەرد و لەرو لاواز بووە، ئەو گڕوتینەی لە سەردەمی لاوی هەی بوو هەموی بە هەناسەیەکی سارد لە ناو چووە تەمەنی کەوتۆتە وەرزی پاییزەوە.

یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کە لە بەرهەمە شیعرییەکانی بیماردا بەدی دەکرێت، ئەویش بریتیە لە مامەڵەکردن بە دیاردەکانی سروشت و گفتوگۆ کردن لەگەڵیان وەکو شتێکی زیندو دەربڕینی خەمو ئازارەکانی دەردە دڵ کردن لەگەڵیان، هەروەکو لە شیعری (من و دیجلە) دا بیمار دەکەوێتە گفتوگۆ وەك هاوڕێیەکی دڵسۆزی خۆی باسی خەمەکانی خۆی دەکات و شێوەی دیالۆگی بەکارهێناوە ئەمەش هونەرێکی نوێیە شاعیرانی ڕۆمانسیزمی ڕۆحیان بەبەر هەمو شتێك داکردووە و باسی خەم و ئازارەکانی خۆیانی بۆکردووە، شاعیر هەروەکو دیارە خواست و مەبەستەکانی زۆرە و سەدان گرێ و گۆڵیشی لەسەر زمانە، کە ناتوانێ بە ئاسانی دەریان ببڕێ و بیانکاتەوە، هەروەکو دەڵێت:

سنگی دیجلەی تریفەی مانگ زیوین کردووە
بۆتە ئارامگای ئەستێرەی مەست و ماندوو
...
دیجلەی مەندی بریقەدار
دەستە و ملی سێبەر و تارمایی کەنار
لەشکر دەکێشێ بەرە و خوار
...
چاوی خەڵکی چاخانەش دیجلە و کەنارن
مانگی ئاسمان دەشۆنەوە:
خەمی گەرمای ڕۆژی داخیان
لەگەڵ زیق و باقی رادیۆ دەخۆنەوە
لەنێوان مژی دووکەڵا
دەس لەنێو قژی ئەسمەردا
داری هیوای دیل و بەخت
دەوەرێنن گەڵا..گەڵا..
من هەر خەیاڵ دەخۆمەوە و دانیشتووم
بەڵام دەڵێ لەزنجیر دام
دیجلە نەبێ دەروا سەرمەست، دڵ پڕ ئارام
دەرواتاکو پڕ ناکا چاو
تا دەرژێتە ئاسۆی زۆر دوور
بەبێ زنجیر، بەبێ خەیاڵ، بەبێ ئەنجام
نازدارێکە لەجوانییا
لەژێر پەردەی ئاوریشمی مانگەشەودا
دەخزێ دەڕوات، زۆر دڵنیا
(بیمار٢، ١٩٨٤، ٢٤-٢٥)

بیمار لەگەڵ ئەوەی بیر و باوەڕی بە ئازادی پتەوە و بە گەشبینیەوە لە ئاسۆی ئاییندە دەڕوانێت لە پاڵ ئەمەشدا ڕۆمانسیزمیانە خەون دەبینێ و خۆزگە دەخوازێ، بۆیە دەبینین لەگەڵ جوانترین دیاردەی سروشت کە ئاو و ڕوبارەکانە دەکەوێتە ڕاز و نیاز و ئومێدی ئەوە دەخوازێ، کە وەك ئەو ئازاد بوایە دور لە ستەم و ژێر دەستی بگەیشت بوایە مرازەکانی و سەربەست لە کێو کەژ و هەرد وڵاتەکەی بخولایەوە، شنەی شەماڵی ئازادی هەڵمژی بایە و بابایە نوێنەری بێ نەوایان و پەیامی شادی و سەربەستی بۆ دەردەداران بهێنایە، وەکو دیجلە بە بێ کۆت و بەند و خەیاڵ بڕۆیشتبایە.

## ٤. ئەنجام:

لە ناوەرۆکی توەێژینەوەکەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، هەروەکو لە خوارەوە دیارییان دەکەین:

١. بیمار لەڕێگەی شیعرییەکانیەوە وێنەی ئەو ژیانەی بۆ کێشاوین، کە پڕیەتی لە خەم و خەفەت و نائومێدی، کە بۆتە هۆی ئەوەی شاعیر لە ژیانی واقیعدا توشی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp62-72

تەنیایی وگۆشەگیری و نامۆیی بێت، هەربۆیە لە زۆر شوێنی تردا توانیویەتی لە ڕێگەی ئەزمونی خۆیەوە و بۆ بنیاتنانی شیعری پەنای بردۆتە بەر خەون و خەیاڵ ئەمەش بۆ خستنە ڕوی ئەو جوانیانەی، کە شاراوە و تەموومژن.

٢. گەشبینی و ڕەشبینی وەکو دیاردەیەکی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی بێماردا بە هۆی ئەو بارودۆخەی تێدا ژیاوە و ڕوبەڕوی بۆتەوە لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە ڕەشبینی بە پێچەوانەی گەشبینی لە شیعرەکانی بێمار هەناسەیەکی کورتی هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە خودی خۆی وەك شاعیرێکی بە سەلیقە و بەهرەدار و خاوەن توانای گەش و لەبن نەهاتووە.

٣. جوانی و خۆشەویستی ئافرەت لای بێمار زیاتر لە ناوەڕۆك و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و ئەرکەکانی خۆی دەدۆزێتەوە وەك لەوەی گرنگی بە شێوە و ڕوخسار بدات.

٤. بێمار لە شیعرەکانیدا وەکو وێنەگرێکی شارەزا لە بوارەکەیدا توانیویەتی وێنەی سروشتی کوردستان بکێشێت و بۆ ئەوەی خۆشەویستی و ئەو جوانیەی، کە لە سروشتدا بەدی کردووە لە دڵی هەمو تاکێکی کورد جێگیر بکات.

٥. یەکێکی تر لە شێوازەکانی داهێنان لە لای بێمار لە لایەکەوە ئەو شتەیە، کە لە بەرچاوی کەس نییە دەیهێنێتە بەرچاو، لە لایەکی تریشەوە مامەڵەکردنی شت و دیاردەکانی سروشت وەکو ڕۆح لەبەرێك و زیندو.

## ٧. لیستی سەرچاوەکان


بێمار، عەبدولڕەزاق، ١٩٨١، *دیوانی بنەوشەکان*، بغداد: دار الحرية للطباعة.

بێمار، عەبدولڕەزاق، ١٩٨٤، *کانیلە و خۆشەویستی*، بغداد: دار الحرية للطباعة.

بێمار، عەبدولڕەزاق، ٢٠٠٠، *ناوچەوان*، بەغدا.

بێمار، عەبدولڕەزاق، ٢٠٠٦، *ڕۆژانێك بوو*، بەغداد: مطبعة ايلاف.

پیرباڵ، فەرهاد، ٢٠٠٥، *شیعری نوێی کوردی(١٨٩٨ - ١٩٥٨)*، هەولێر: دەزگای کوردستان.

پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٦، *ڕێبازە ئەدەبییەکان*، هەولێر: چاپخانەی منارە.

حوسێن، هیمداد،٢٠٠٧، *ڕێبازە ئەدەبییەکان*، هەولێر: چاپی١، چاپخانەی ئاراس.

ساڵح، ئاوارە کەمال،٢٠١٢، *ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا*، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

سەجادی، بەختیار و مەحمودی، محەمەد، ٢٠٠٤، *فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی*، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

شەجیعی، رەزا، ٢٠٠٣، *ڕۆمانسیزم...واقیع خوازی...رەمز...چەند یاداشتێك لە سەر ئەدەبی عەرەبی*، هەولێر: گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٧٤-١٧٥)، چایخانەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی.

الطاهر، علی جواد،١٩٩٣، *الخلاصة في مذاهب الادب العربي*، بغداد: منشورات دار الجاحظ.

فەتاح، ڕزگار عومەر، ٢٠٠٨، *ڕۆمانسیزم لە شیعری (هێمن و محەمەد نوری) دا*، کۆیە: ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

گەردی، عەزیز، ١٩٧٤، *ئەدەب و ڕەخنە*، بەغدا: چاپخانەی الحوادث.

مبارك، محمد رضا، ١٩٩٣، *اللغة الشعرية في الخطاب النقد العربي*، بغداد: مطبعة وزاره الثقافة.

محەمەد، ڕێزان محەمەد غەفور، ٢٠٠٥، *ڕێبازی ڕۆمانسیزم لەشیعری کوردیدا لە (١٩١٨-١٩٤٥)*، هەولێر: ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سلاحەددین.

مەزهەر، کەمال، ١٩٧٤، *کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهانی*، بەغدا: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد.

هلال، محمد غنيمي،١٩٨١، *الرومانتيكية*، بيروت: ط٦، دار العودة.

ئەمین، عبدالقادر محمد، ٢٠٠٠، *وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا*، سلێمانی: ماستەر، زانکۆی سلێمانی.